

دێرین عومەر:

# پێشبینیم نەکرد بەو شێوەیە دەرئەکەوم لەلایەن بینەرانەوە

**هونەرمەندی لاو (دێرین عومەر حەمدی) کە بە هەناری گەردەلول ناسراوە ساڵانێکە خولیای هونەری نواندنە ساڵی ١٩٩٤ یەکەم شانۆیی کە بەشداربوو (شاری کەروێشکەکان) بوو ٢٠٠٣ هاتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان‌و بوو بە یەکێك لەپاڵەوانەکانی زنجیرە درامای (گەردەلول) لەدیدارێکدا هێنامانە دواندن.**

*** لەدیداری گۆڤاری تیرۆژ دەڵێیت بە ڕۆڵی شێتێکیش ڕازیم تا چەند ئەو بڕیارەت لەلاجوانە وەك نواندنی شێت وە بۆچی شێت؟**

- من بۆیە ئەو ووتەیەم وتوە لەبەرئەوەی خۆم نابەستمەوە بەڕۆڵێك وەکو ڕۆڵی هەنار، خۆشە هونەرمەند یەك ستایلی نەبێت وەکو ڕۆڵی شێتیش ڕۆڵی شێتم کردووە بە پێوەر مەرج نییە شێت بێت چونکە ڕۆڵی شێت وەکو ڕۆڵی هەنار زۆر جیاوازی هەیە، مەبەستم ئەوەیە تەنیا لەزنجیرەیەك من هەنارم ڕەنگە ببمە زۆرکەی تر، هونەرمەندیش بە تایبەت ئەکتەر ئەگەر سەرکەوتووبێ لەکارەکانیا ئەتوانێ هەموو ڕۆڵێك ببینێ.

*** تۆ بۆ نواندنت هەڵبژارد ڕوئیای تۆ بۆ نواندن چییە؟**

ــ کچێکی مامم پەیمانگای هونەرەجوانەکانی پێناساندنم ئەو کاتێك هاتە بەشی مۆسیقا منیش ئەو خۆشەویستییەم بۆ هونەری نواندن کە لەمناڵیما هەم بوو زیاتر گەشەی کرد وە ویستم ئەو توانایەم بە شاراوەیی نەهێڵمەوە.

*** ئیحساسی دێرین پێش پێشکەشکردنی گەردەلول‌و دوای پێشکەشکردن چۆن بوو؟**

- ئەتوانم بڵێم پێشبینی هەستم نەکرد بەو شێوەیە دەرئەکەوم لەلای بینەران بەڵام کاتێك خەڵکم بینی بەو تەلەفۆنانەی بۆم ئەکریێ‌و بەو دەستخۆشیانەی لێم ئەکریێ هەست ئەکەم پانتاییەکی باشم لەزنجیرە درامای گەردەلولدا داگیرکردووە توانیومە شتێك بکەم.

*** دوای بینیی دەق بۆ ڕۆڵی هەنارت هەڵبژارد؟**

- ئەتوانم بڵێم کاتێك کە دەقەکەم وەرگرت کاری وێنەگرتنی شوشەو ئەوانی تر تەوابوو بوو بەس وێنەگرتنی زانکۆ مابوو پێش وێنەگرتنی کارەکە کاك (جەلیل) منی هەڵبژاردووە بۆ ڕۆڵی هەنار وە پێشم نەوتراوە حەزت لە چ دەورێکە هەڵیبژێرە بە خۆشحاڵیشەوە ڕۆڵی هەناریان دامێ قبوڵم کرد یەکەم جار کە دەقەکەم خوێندەوە نەمزانی هەنار کێیە تا خوێندمەوە تێگەیشتم کە هەنار کێیە.

**ئا : ڕێبواری ئازادی**

# دوای ٢٤ ساڵ زیندانی، دەرکەوت بێتاوانە





بیست‌و چوار ساڵ لەمەوبەر ولاتیەکی ئەمریکی بەناوی(ڕۆبەرت کلارك) بە گومان گیراو تۆمەتی ئەوەی درایە پاڵ کە دزی کردووە و مرۆڤی ڕفاندووەو دەستدرێژی کردۆتە سەر منداڵێك. ڕۆبەرت کلارك بە تەنیا ڕەش پێست نەبوو، بەڵکو ڕەش بەخت‌و ڕەش تەمەنیش بوو. کاتێ خرایە زیندان تەنیا ٢١ ساڵ بوو، منداڵێکی ٥ ساڵەی هەبوو. کاتێ لەزیندان هاتە دەرێ تەمەنی ٤٥ ساڵ‌و نەوەیەکی ٥ ساڵەشی هەبوو. ئەمساڵ ١٦٤ زیندانی بە هۆی تاقیکردنەوەی دی ئێن دی ئازادکراون‌و دەرکەوت کە بێتاوانن، بەڵام ڕۆبەرت کلارك لەنێویاندا لەهەموویان زیاتر زیندانی کێشابوو.

٢٤ ساڵ لەمەوبەر ماڵی کلارك لەباشووری ئاتلانتا بوو. ڕۆژێك (فلۆید ئانتونیو ئارنۆڵد) ی ناسیاوی ئۆتۆمبێلێکی پێداو ڕایسپارد کە کارێکی بۆ ئەنجام بدات، بەڵام کلارك نەیزانی ئارنۆڵد دزیویەتی، بەو هۆیەشەوە منداڵێکی ڕفاندۆتە ناو دارستان‌و سێ جار دەستدرێژیشی کردۆتە سەر. هیچ بەڵگەیەك بۆ تاوانکردنی کلارك لەدەست دانەبوو، تەنیا کەسێك گەواهی دابوو کە کلارك ئەو ئۆتۆمبێلەی لێخوڕیوە. سەرەنجام سزای هەتا هەتایی بەسەردا سەپێنرا. ئەمساڵ بە هۆی دی ئێن دییەوە دەرکەوت بێتاوانە. ئارنۆڵدی تاوانباری سەرەکیش لەسەر تاوانی دیکە زیندانی کراوە.

کاتێ لەدەرگەی زیندان هاتە دەرێ، گوتی: ئەوان دەبێ داوای بووردن لەمن بکەن، ئەوان ژیانیان فەوتاندم.

# ماڵپەڕی بەیان نێت یەکەمی ئەمساڵی سوید بوو



بە گوێرەی هەواڵەکان، کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانانی ئەلەکترۆنی ولاتی سوید (ئیف ئێس ئێن)، ماڵپەڕی بەیان نێتی وەك باشترین ماڵپەڕی ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردووە و خەڵاتی کردووە. ئەوەی شیاوی باسە بەیان نێت لەلایەن لاوانی کوردی نیشتەجێی ولاتی سوید بە زمانی سویدی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو دەکرێتەوەو بە هەواڵە سیاسی‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان‌و سوید دەدات، ڕۆژانە هەزاران کەس لەکورد و سویدی سەردانی ماڵپەڕی
www.beyan.net
دەکەن.

# دوایین داهێنانی فۆلکس ڤاگن




سەرەنجام دوای حەوت ساڵ لێکۆڵینەوەو کارکردنی بێوچان، کۆمپانیای فۆلکس ڤاگن توانی دوایین داهێنانی خۆی لەبواری تەکنەلۆژیای ئۆتۆمبێل بەرهەم بهێنێ‌و پێشانی میدیاکانی بدات. ئەم ئۆتۆمبێلە نوێیە ناوی (بۆگاتی ڤەیرۆن) ە و هێزی ١٠٠١ ئەسپی هەیەو دەتوانێ لەماوەی ٢ چرکەو نیودا خێراییەکەی بگەیەنێتە ١٠٠ کیلۆمەتر/ کاتژمێر. خێرایی گشتی ئەم ئۆتۆمبێلە لەکاتژمێرێکدا دەگاتە ٤٠٠ کیلۆمەتر. نرخی چاوەڕوانکراوی ئەم ئۆتۆمبێلە نزیکەی یەك ملیۆن ئۆرۆیە، لەوانەیە لەچەند ساڵی داهاتوودا ئەم ماشێنە بۆ فرۆشتن بازاڕەکانی سەرمایەداری داگیربکات. بەمەش کێبڕکێیەکی گەورەو سەخت تر لەنێوان کۆمپانیای (مەرسیدس، بی ئێم دیبلیوو، ساب، ڤۆلڤۆ) سەرهەڵدەدات‌و هەریەکەشیان گرەو لەسەر بردنەوەدا دەکەن.

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

* لەسایەی حکومەتی هەرێم زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەکان، کە پێشتر سەرۆکی فەوجی (هین) یش!! بوون، لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوەخۆ پاسەوانیان بۆ تەرخانکراوە، بەڵام هەندێ تێکۆشەری دێرین چونکە لەگەڵ حزبە دەستەڵاتدارەکاندا نین، لەلایەنەکانی دیکەدا پلەی بەرپرسیارەتیشیان هەیە بەڵام پێیان ڕەوا نابینن یەك پاسەوان یان هاوکاریان بۆ دابمەزرێنن!.

* یەکێك دەناسم ڕۆژێك لەقوتابخانەی ناوەندی‌و ئامادەیی‌و زانکۆ نەیخوێندووە، بڕوانامەی نییە، بەڵام پلەیەکی باشی وەرگرتووە. کە ئەو باسە کرایەوە، گەنجێك گووتی:{ خاڵۆ خۆت سەخڵەت مەکە، لەوانەیە وەك مەسەلەی ئەو کیژە بێ کە مێردی نەکردبوو، ٢ منداڵی چاوگەشی خۆیشی گەورە کردبوو، باوکی دەیگوت: بە مێردکردن نییە، بە خوایە. ئەمەش بە بڕوانامەی نییە بە حیزبە}.

* لەهەندێ بنکەی دەنگدانی شاری شەقڵاوە کارەکان عەجایب ئەنجامدران، کاتژمێر نۆی بەیانی یەك دانە فۆڕم نەمابوو کە ولاتیان دەنگی خۆیانی لەسەر بدەن، چونکە کوڕ و کچانی خوێن گەرمی حزب بەیانی زوو لەخەو هەستابوون‌و لەجیاتی هەمووان ئەزیەتیان کێشابوو، فۆڕمەکانیان پڕکردبوۆوە. خوا پاداشتی مادو بوونیان بداتەوە!!.

* ماڵپەرێکی ئینتەرنێتی ڕۆژانی دەنگدان دەینووسی لیستی (هین هین نۆ) لەپێشەوەی هەموو لیستەکانی تر دایە، لەولاتی هۆڵەنداو دانمارك‌و نەرویج‌و.. زۆربەی دەنگدەران بڕوای خۆیان بەو لیستە حەیاتە داوە!، بەڵام پێموایە دوای هاوێرکردنی دەنگەکان وەك جاری پێشوو نیو کورسیشیان بەرناکەوێت‌و بەیاننامەیەك دەردەکەن‌و ئاکامی هەڵبژاردن سەرڕاست دەکەنەوە!.

* بەرپرسێك خۆی بە پێشکەوتنخواز دەزانێ، زۆریش ریکلامی بۆ لیستەکەی خۆیان کردبوو، لەڕۆژی دەنگدانا ڕێگەی بە ژنەکەی نەدا بۆ بنکەکانی دەنگدان بچێت. پێی گوتبوو: بە خوا دڵم نایەت تۆ ئەزیەت بکێشی، بەم دەنگەش هیچمان لێنایەت!.

## ئابڕۆنی

جەبار سابیر

### نەوت‌و بەنزین‌و کارەباو ئاو کەی کێشەیە!*

یەکەم پاداشتی جۆش‌و خرۆش‌و حەماسەتی خەڵکی عێراق لەبەرامبەر هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی تەمبەڵ‌و تەوەزەلدا ئەوەبوو کەهەر دوو ڕۆژ دوای پرۆسەکە لەبڕیارێکی شێلگیرانەدا حکومەتی عێراقی نرخی تەواوی بەرهەمە سووتەمەنییەکانی لەسەر هاوولاتیان گرانکرد. مێژووی ئەم عێراقەی کەلەهەموو شتێك دەچێت دەوڵەت نەبێت شاهێدی ئەو ڕاستییەیە کەهەر دەسەڵاتدارێك هاتبێت بەسەر مەرگی ئەوەی پێشخۆیدا هاتووەو دواجار شوێن پێی ئەوی هەڵگرتۆتەوە، جەعفەری دەیەوێ مایەی ئەو ساڵانەی ئاوارەیی تاران‌و قوم بهێنێتەوە بۆیە ئەوەندە بەجەرائەتە لەبڕیارێکی لەو جۆرەدا، ئەوەشی سەیرە، ناببوورن سەیرنییە، ئەوەی دڵخۆشکەرە ئەوەیە کەیەکسەر ئیدارەی کوردی لەبەدبەختی ئێمە بەو بڕیارە ڕازی بوو کاری پێکرد، لەکاتێکدا دەیان بڕیاری تری باشتر لەبەغدادەوە دەردەچێت چونکە سوودی خۆیانی تێدانییە نایخەنە بواری کردارییەوە بەڵام ئەمەیان قازانجی زۆرە فەورەن تەنفیزی دەکەن.

برادەرێکم زۆر پەشیمان بوو لەوەی کەئەوەندە بەپەرۆشەوە چووە بۆدەنگدان لەتاوا بەتاکێك گۆرەوییەوە بەرەو سندوقەکان ڕۆییوەو لەبری پەنجەیەك هەر پێنج پەنجەی دەستی خستبووە مەرەکەبی دەنگدانەکەوە، وەك ئەوەی شۆربای قارچك هەڵقوڕێنێ لەچێشتخانەی خدر.. کەچی بەداخەوە دەنگدانمان لێبووە سندان‌و لەجێی سندانیش قوزەڵقورتە، جامادام هاتینەوە سەر (با)ی بەڕە کۆن باهەندێك شتیتریش بڵێین، گرانبوونی سوتەمەنی گرانبوونی شتەکانیتریش بەدواوەیە، کاتێك بەنزین گران دەبێت کاکی شۆفێر دەڵێ بەنزین گرانە بۆیە ئێمەش بەگران نەفەر دەگوێزینەوە، کەبەنزینیش هەرزان دەبێتەوە دەڵێن، وەڵا ئەشیای سەیارە گرانەو کەهەر دووکیشیان هەرزان دەبن‌و وەك تۆڵەکەی بەهارانییان لێدێت دەڵێن، وەڵا کەس بەکەس نییەو مۆزەف پارەی زۆرەو شاریش ئاغاو کوێخای زۆرە. جائەم بڕیارە لەسوودی ئەوانە چونکە پێش ئەم بڕیارە لەبازاڕی ڕەش‌و سپیدا بیست لیتر بەنزین بەپازدە هەزار یاخود دەهەزاربوو، بەڵام لەمەودوا بەپێنج‌و نیوەو بیانوی ئەوەشیان پێیە کەبەنزین گرانبووە، جاپیاوم هەیە مامەڵە لەگەڵ کاکی شۆفێردا بکات خۆئەمە کاتی حەسەن زیرەك نییە کاکی شۆفێر زوو بگاتە یار.

بابچینە سەر ئەسڵی مەقسەد عێراق چوونکە ولاتێکی ئاوها عاجباتییە، بۆیە بۆتە زەویەکی بەپیت بۆ بازرگانییەکی بەبرەو بەئینسان‌و سەروەت‌و سامانیەوە کەسیش بەکەس نییە. زۆرجار وتومانە ڕاستە بەعس دڕندەو پیاو کوژو فاشیست بوو بەڵام خۆ هەرنەبێ دەیتوانی خزمەتی خەڵك بکات‌و کیلۆیەك شەکر دینارێك لەسەر ئەو دەکەوت کەچی بەسێ پەنجایی دەیدایەوە بەهاوولاتیان، بەڵام لیترێك نەوت یەك فلس ناکەوێت لەسەر حکومەتی عێراق کەچی بەدوو دینار دەیدەنەوە بەهاولاتیان. جاتو خوا دڕندەییەکەی سەدام‌و ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراقی لەم سەرەتای زستانەدا جیاوازییان چییە؟ ئەو یەکسەر دەیکوشتی‌و ئەمانیش بەخەفەتەوە دەتتلێننەوەو دواتر دەتکوژن‌و سەرت دەخەنە گۆڕی باوکتەوە، لەڕوانگەی سایکۆلۆژیشەوە مردن یەکسەر خۆشترە نەك وردە وردەو بەلنگە فرتێ.

** وتەی پیاوێك بوو کەبەشداری بەرنامەیەکی خاك تیڤی کرد لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا، دیارە ئەو برادەرە خۆی مەسئول بووە گەرنا ئینسانی ئاسایی تەنیا ئەو شتانەی لێدەبێتە کێشە خەڵك بەتەنیا چی لەئازدای بکات.*

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com